گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هێما و بەها ئاینیەکانی پاشماوە شوێنەواری و کەلەپورییەکانی پارێزگای هەولێر

## نموونەی وەرگیراو (توێژینەوەیەکی مەیدانی شوێنەواری هونەرییە)

**پ. ی. د. ئاراس اسماعیل خضر**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
Aras.khider@su,edu.krd

**بێخال علی احمد**
قوتابی ماستەر لە بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
Bekhal_ali_386@gmail.com

### زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٢/٧/٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٧
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان.**
The Signs, The Archaeological, Heritage, The Province Arbil.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.2.25

### پوختە

نەخش و زەخرەفەکان و سیستەمی بەها ئاینیەکان بەچەند شێوازێك کراوە کە : بەهاکان وەك تاکە پێوانەیەکن بۆ زۆربەی شتەکان کە کۆی پێوەر و بیرۆکەکانە کە مرۆڤ هەڵسوکەوتی خۆی و کۆمەڵگا و تاك دەکات وەك تاکە پرەنسیپی لە زانستی شوێنەواردا گرنگییەکی زۆری هەیە، رێگایەکە بۆگەیشتن بە کۆمەڵێک زانیاری، ئەویش بە هۆی بوونی نووسین و وێنەکان زەخرەفەکان و نەخش و نیگارەکانیان بەگشتی رۆلی ئاین و ئایینزاکان و هەلوێستیان لەسەر ئەو نوسین و هێما و زەخرەفانەی کە نەخشێنراون لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بەگشتی ، تەنانەت ئەو جۆرە نەخش و نیگارانەی کە لە نمونەی وەرگیراو ی شاری هەولێر بەتایبەتی . سەرەرای ئەوەی ئاین و ئاینزاکان چەندین دەرەچەی خۆگونجاندنی ئاینی و هونەریان بۆخۆیان فەراهەم کردووە . کە کاری رازاندووە لە پاشماوە هونەرییەکانیان بکەن ،، ئەمەش وەک دەرخستنی لایەنی شارستانی و مێژووی ئەم ناوچە یە کە تاوەکو ئێستا هیچ ئاماژەیەکی زانستی تیۆری بۆ نەکراوە، تەنانەت ئەم توێژینەوەیە یەکەمین لێکۆڵینەوەیە لەم بوارە کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەڕووی تەکنیکی و ئاینیەوە مامەڵە لەگەڵ لایەنی مەیدانییۆ پاشـماوەکان بکات .

## 1- پێشەکی

هێما و بەها ئاینیەکان لە دێر زەمانەوە بە چەندین مەبەسـت خراونەتە روو ، بۆیە شـاری هەولێر وەك یەکێك لە ناوچە شـوێنەوارییە دێرینەکان بۆ چەندین مەبەسـت گوزراشـتی ئاینی و کۆمەلایەتی و رامیاری و ئابووری تێیدا وەچەرخانێکی مێژوو تۆمارکردووە. کە ئەوەش گرنگیەکی زۆری هەیە لەزانستی شوێنەوارناسی لە سەردەمی ئیسلامی زانیاری بەنرخی تێدایە لەرووی بەهای ئاینی و هێما هونەرییەکان، وەك ، ناونیشـان، ڕەگەز، بنەما شـوێنەوارییەکان کەلە چەندین توخمی شـوێنەواری جیاواز پێکهاتووە لە مزگەوتی قەلا وەك نمونە وەرگیراوە . کە چەندین نەخش و زەخرەفەی جیاواز لە خۆ دەگرێت ، لەوانە شـێوازی ڕووەکی و ئادەمی و ئەندازەیی نووسـینە ڕازاوەکان ڕازێندراونەتەوە، هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بابەتەکە لە ڕووی زانستی شوێنەوارییەوە، هەروەها ئاشنابوون بە چۆنیەتی دروست کردن و رازاندنەوەی بەها ئاینیەکان وەك بەها: "بەهاکان" لە رووی زمانی عەرەبیەوە واتە (القيمة : مفرد " قيم " لغة " من " قوم " و " قام المتاع بكذا أي تعدلت قيمته به) ئەگەر لە رووی زمانەوانی و کردارییەوە شـرۆڤەی بۆ بکرێت واتە هۆز و نەتەوە و بەهاکانی نەتەوەیەك کە زیاتر گرنگی بە داب ونەریت دەدات بە وێنە جۆراو جۆر. سـەبارەت بە کارە پێشـینەییەکان لەسـەر ئەم بابەتە ژمارەیەک لە توێژەران و شـوێنەوارناسان کاریان لەسەر نەخش وزەخرەفەکانی سەر دیواربەندی کردووە بەلام بۆ ئەم جۆرە ناونیشانە شوێنەوارییە هیچ کارێکی زانستی لەسەر نەکراوە . پلانی توێژینەوەکە لە چەند تەوەرێک پێکدێت، بە پێشـەکی و جوگرافیاو مێژووی ناوچەی لێکۆلینەوە دەستەواژو زاراوەی زەخرەفە و نەخش و نیگار و رەگەزەکانی بیناسازی و بەها و هێما ئاینیەکان و رۆلی ئاین و ئاینزاکان رۆلێکی گرنگیان هەیە لەسـەر چۆنیەتی نەخشـاندنی زەخرفە و هێما نەخشێنراوەکان ، لەپاشان تەوەرەکانی تر تایبەت بە شیکردنەوەی نەخش و نیگارو زەخرەفەکانی سەر دەرگا و هۆل و ڕارەوو ژوورەکان لەگەڵ وێنەکانیان.


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2. مێژوو و جوگرافیای شاری هەولێر

### 1-2 جوگرافیای شاری هەولێر

کوردستان وڵاتێکی بێ سنووری سیاسیە و دەکەوێتە کیشوەری ئاسیا. تانەت شوێنێکی ستراتیژی لە لەدڵی ئاسـیای بچووکدا داگیر کردووە ، بە شـوێنێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت هەژمار دەکرێـــت(ريج: 1951 م , ص 145) ، و بەشـێکی زۆری ئەو ناوچە شـاخاوییانەی لەخۆ گرتوە کەلەنێوان شارەکانی هەولێر و سلیمانی دهۆکدا بەرجەستە بوون. کە پایتەختی خاکی کوردستان کە رووبەری ئەم ولاتە نزیکەی (16000) کیلۆمەترەیە و پانیەکەی (550کم) ە، ئەم شـارە وەك ناوچەیەکی گرنگ بە پێی هەلومەرجی مرۆیی و ئابووری و مێژوویی مامەلەی لەگەل کراوە(بوا : 1973 ,ص 3). شارەکەو قەلای هەولێر لە رووی ئاستی دەریاوە دەگاتە (414 م) پلە، کە ئەوەش بەرزترین پلەیەی لە رووی ناوچە و ناوەند و سـەنتەری شـارەکە(الباشـا، 1966 . ص 89.) بروانە نەخشـەی ژ مارە (1) . تێگەشـتن لە جوگرافیای هەر ناوچەیەك ڕامان دەکێشـێت بەرەو ئەو لێکۆڵینەوەو شـرۆڤە زانسـتیانەی کە لە ڕووی ئیداری و سـیاسـی و کۆمەڵایەتی و سـروشـتی و جیۆلۆجی زۆر کاریگەری هەبووە ،تەنانەت ئەو بارودۆخە ژینگەی و کەش وهەوایەی کەلە دەریای ناوەراستەوە ئاراستەی دەکرێت هەر چوار وەرزەکەی بە روونی تێدا دەرکەوتووە(الباشا، 1959 ، ص 207)و هتد. گومانی تێدا نییە هەولێر کە لە بەشـێك لە سـەرچاوەی مێژووییەکاندا بە ناوچەیەکی ناوەراسـت و ناوجەرگەی ولاتی میسـۆپۆتامیایە هەژمار کراوە کە ئوربیلۆمە(حاجي ، 2009، ل7) وە، بە (نەخشەی ژمارە (١)).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





نەخشەی ژ 1 : نەخشەی قەلای  شاری هەولێر

### 2 -2  ناوو مێژووی شاری هەولێر

هەولێر بە شارێکی گرنگی ئاشوریی ناسراوە ، تاکە شاری کۆن شوناسی مێژووی شارستانی خۆی لەدەست نەواوە  ئاوەدان ماوەتەوە و ناوی دێرینی خۆی دەپارێزێت(حسين: 2004، ص107.)  کە بە ناوەندێکی پەرستنی خوداوەندی عەشتار دەناسرێت ، کە یەکێکە لە دێرینترین لانکەی شارستانیەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا(اسماعيل: 1986، ص-83-85)  ئەوەی جێگای سەرنجە کە ژیانی مرۆڤایەتی لە ئەشکەوتی شانەدەر هەبووە. تیمەکانی  شوێنەوەرناسی ئەمریکی لە سەردانیان بۆ ناوچەکە بۆییان دەرکەوتووە کە مرۆڤی ئەم ناوچەیە کشتوکاڵی ئەنجامداوە و ئاژەڵی بەخێو کردووە بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی ژیانیان(الزيباري ، 2010، ص17.).  لە ئێستادا سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی بەر لە چەندین هەزار ساڵ بەر لە ئێستا  ژیانی تێدا کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەولێر یاخود ئەربل ناوەکەی خۆی بۆ چەندین سەدە پاراستووە(البرادوستي، 2021،  ص86-87. ) ناوی هەولێر لە چاخە کۆنەکاندا بە چەند ناو و دەربڕینی جیاواز هاتووە، کەیەکێك بەناوی ئوربیلۆم هاتووە ، بەر لە (2000) ساڵ (پ.ز) یان ئۆربیلیۆن بەکارهێنراوە لەسەردەمی فەرمانڕەوا شولگی  کە لە دەقێکی مێخی وەرگیراوە لە نووسینی سۆمەریەکاندا(الحسني 1982، ص 237) ، بەلام ئەم ناوە لەسەردەمی  بابلی و

ئاشـوریەکان بە ئەربائیلۆ هاتووە ، واتای چوار خواوەند، هەر لە سـەردەمی ئاشـوریەکاندا هەولێر ناوەندی خواوەند (عەشتار) بووە(حەسەن 2013، ل205) بەشێك لە ژێدەرە یۆنانیەکان ناوی هەولێریان یان اربیل وەك ناوە رەسـەنەکەیان بەکار هێناوە لەسـالی 127 پ. ز کە پێ دەلێن ئەربیلا + باربیلتس) سـەرەرای ئەوەی ناوی حدیابس و حدیابین و اردیابین زۆرترین جار ئەم ناوهش بەکارهاتووە(حسـین: 2004، ص16) . جیا لەوەش ولاتی بارثیەکان (فارسـەکان) بە هەولێریان گووتوە(ئەربیرە)، پاشـان عەرەب ناویان ناوە (ئەربل)( جمیل، 1969 ، ص 221- 223) ئەو ناوەی کە ئەمرۆ هەیەتی لە زمانی کوردیدا ڕاوبۆچوونی جیاوازی لەسـەرە، هەندێك لە میژوو نووسـەکان پێیان وایە (هەولێر) لە (خولێر)ەوە هاتووە بە واتای پەرسـتگای خۆر، هەندێکی تر لە مێژوو نووسـەکان ئەم ناوە دەگەڕێننەوە بۆ (هالیریە) کە گەشـتیارەکان بەکاریان دەهێنا. ئەم ناوە هەر بەم شێوازە بەکارهاتووە لەلایەن عەرەبەموسولمانەکان ئەویش بریتیە لە (اربل – اربیل ) یان ووشـە و دەسـتەواژەی اولیرا یان اویل(جمیل: 1969 /25 ، ص223. الحسـني 1982، ص 237؛ البرادوستي: 2007 ، ص65؛ الارکوشي : 2010، ص3) کە لە لە زمانی عەرەبیدا ناوی اربل یان اربیل هەر وەرگیراوی ناوە کۆنەکەیەتی هەروەك لە پێشـتر لە لایەن ئەکەدییەکان بەتایبەت سـەرجۆنی ئەکەدی بەکار هاتووە کە دەسـەڵاتی خۆی سـەپاندبوو بەسـەر شـاری اربل لە سـالی (2340 ــــ 2284 پ.ز)( باقر، واخرون، ، 1987، ص 146-147) ،بەلام لە سەردەمی ساسانیەکان ئەم شـارە هەمان ناوی هەبووە هەرچەندە سـاسـانیەکان نەیانتوانی پارێزگاری لێبکەن، هەولێر لەسـەردەمی ئیمپراتۆریەتی سـاسـانیدا ناوبانگ و پلەیەکی گەورەی هەبووە(عبدالواحد، ، 2007، ص34) شـوێن و کەسـایەتی بەناوبانگی لێ دروسـت بووە، لە کۆتای دەسـەڵاتی سـاسـانیەکاندا چەندین ململانێ و جەنگی توند لەسـەر خاکی هەولێر ڕوویدا لەنێوان سـاسـانیەکان و رۆمانیەکان(جمیل: 1969 /25،ص 230-233) کە ناوەندەکەی قەلای هەولێر بووە بروانە وێنەی ژمارە (1)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




**وێنەی ژمارە (1) وێنەی کۆنی شاری هەولێر مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سالی 1820ز**

## 3-2 پێناسە و دەستەواژەی شوێنەوار:

(شوێنەوار): شوێنەوارناسی، لە رووی زاراوەییەوە واتە: زانین و گەران بە دوای پاشماوە شوێنەوارییەکان وەك پاشـــماوە کۆنەکان ، یان زانســـتێکە دەکۆلێتەوە لە بەڵگەنامە کۆنەکان و کاریگەرەکان: وەك نیشانە و هێما و هەموو ئەو شتانە کە وەك رابردوو باسیان لێوە کراوە، هەروەك لە قورئانی پیرۆز داهاتووە کە خوای گەورەوەك هێما دەفەرمویێت ( قُلْ أَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِـــرْكٌ فِى ٱلسَّـــمَٰوَٰتِ ۖ ٱئْتُونِى بِكِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ هَٰذَآ أَوْ أَثَٰرَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ )(سورة الاحقاف ، الاية 4) کە بەمانا و بەها ئاینیەکەی کە شرۆڤەو تەفسیر بۆ کراوە واتە زاراوەی شـــوێنەوار لە ڕابردووەوە بە پاشـــماوەی شـــارســـتانیەتێکی دیاریکراو دەوترێت، واتە مەبەســـت لێی مانەوەی پاشـــماوەی شـــکاو و ونبوو هەلگیراوە . کە فەرنســـیەکان بەم شـــێوەی شـرۆڤەی بۆ دەکەن (les restes d’une chose détruite, disparue») (Dictionnaire, 1991. P.1016) وەهەروەها لە دەقێکی تری فەرەنســـی داهاتووە کە باس لەوە دەکات (پاشـــماوەکان کۆمەڵەی هەموو شـــتێکن کە شـــایەتی چالاکی مرۆڤەکان دەدەن، وەك ئەوەی لە پاش خۆیان چەندین پاشـــماوەی جەســـتەی مرۆڤ تێیدا بەجێماوە وەك ئیســـکەپەیکەرەکان و ددانەکان و پاشـماوەی لاشـەکانیان کە وەك شـوێنەوار جێماون، کە بەم شـێوەیە ناسـاندویانە کە بە توخمە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەکیەکانی شوێنەوار هەژماردەکرێن)(Dictionnaire 1988 ) کە ئەمەش تێکستەکەیە لە خوارەوە هاتووە.

Les vestiges sont l'ensemble de tout ce qui témoigne des activités, ou simplement de la présence ancienne des hommes eu un lien donné, qu'il s'agisse de ce qui reste d'eux-mêmes lossement, dents, objets abandonnés volontairement ou involontairement, des traces qu'ils ont laissées en modifiant le milieu naturel ou de l'organisation qu'ils ont introduite entre touts ces elements . La trace est une empreinte laissée par le passage d'une personne d'un animal, d'un Véhicule

پاشماوەکان هەموو ئەو شتانەن کە گەواهی دەدەن بۆ چالاکییەکان مرۆییەکان و سروشتیەکان ، یان بەشێوەی سادەیی بێت . بەهۆی بوونی کاری مرۆڤە کۆنەکان کە وابەستەیەکی دیاری کراوی هەیە لەگەڵ زانستی شوێنەوار جا ئەو کەل وپەلانە و شتەبەرجەستەکان کە وەك پاشماوە دەمێنەوە یان وەك ددانی مرۆڤەکان کە وەك خۆیان دەمێنێتەوە، کە ئەوەش بایەتێکی شوێنەوارییە کە زۆر جار بەبێ بوونی هیچ هۆکاریك جێماون یان لە ئەنجامی کۆچ و جەنگ جێماون ، ئەو شوێنەوارانەی کە بەجێیان هێشتووە بە هەموارکردنی ژینگەی سروشتی یان ئەو ڕێکخراوەی کە لە نێوان هەموو ئەم توخمانەدا ناساندویانە .

بەلام لە ناوەڕاستی سەدەی 18 دا زانستی شوێنەوارناسی وەك زانستێك مامەلەی لەگەل کراوە و دەرکەوت، کە مێژووی گەلان و راست و دروستی شارستانیەتە یەك لەدوایی یەکەکان( Feilden, Bernard M, 1994., p1 ) . واتە شوێنەوار وە ئەو ڕێبازەی کە زانستی شوێنەواری پێدا تێپەریوە لە ڕێگەی پشتبەستن بەم زانستە یارمەتیدەرەکان چونکە لە پال(أنيس وآخرون 1973، ص 5) زانستەکان زانستی شوێنەوار وەك پاشماوەی شوێنەواری بەکاردەهێنرێن و مۆزەخانە و شوێنەوارە بیناسازییەکان کە وەك شوێنەوار مامەلەیان لەگەل دەکرێت(نظر المادتين 27، 56 من اتفاقية لاهاي 1907؛ یاسای ژمارە 5 سالی 2021، ژمارە 268) وەك ئەو پاشماوەی شوێنەوارییەی کەلە هۆزو خێلی عاد و ثەمود کە تا ئێستاش وەك شارستانیەتێکی ناسراو دەناسرێن ، یان وەك ئەوەی پاشماوەی شوێنەوارییەکانی کوردستان وەك شوێنەواری ئەشکەوتی شانەدەر و زرزی و هەزار مێرد و کۆشك و تەلارەکانی عەقەرقوف و ئوخیزەر و مەعشوق لە ناوەراست و خواری عێراق کە نمونەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاشماوە جێگیرو نەگوازراوەکانن ، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز بە دەقێکی رەها باس لە بونی ئەو پاشماوە شوێنەوارییانە دەکات کە ئەمە دەقەکەیەتی . ويقول الله سبحانه وتعالى في مُحكم آياته: (أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ (6) إرم ذَاتِ الْعِمَادِ (7) الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ (8) وَثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ (9) وَفِرْعَوْنَ ذِي الْأَوْتَادِ (10) الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ (11) فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ (12) فَصَبَّ عليهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ (13) إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ .(14) صدق الله العظيم (الفجر: 14-6)

## 3: چەمکی بەها : (القيم) لە رووی دەستەواژەو زمانەوانی :

بەها: "بەهاکان" لە رووی زمانی عەرەبیەوە واتە (القيمة : مفرد " قيم " لغة " من " قوم " و " قام المتاع بكذا أي تعدلت قيمته به) ئەگەر لە رووی زمانەوانی و کردارییەوە شرۆڤەی بۆ بکرێت واتە هۆز و نەتەوە و بەهاکانی نەتەوەیەك کە زیاتر گرنگی بە داب ونەریت دەدات(ابن فارس : د.ت ج5، ص43؛ ابن منظور 12/1995، ص500 ). بەلام لە بەشێك لە ژێدەرەکان وشەی بەها: بۆ ئەوە بەکارهاتووە کە نرخی ئەو بار و کالاو شتومەکانە دادەنرێت کە بۆی دەخەملێنرێت، واتە ووشەی بەها وەک مانا رەسەنەکەی خۆی راستی و هاوسەنگی لە ئاین و رێسای ئاینیەکان. لە قورئانی پیرۆز ئەم جۆرە بەهایە بەم شێوەیە وتراوە کە خوای گەورە دەفەرموێت قال الله تعالى: ( ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ) سورة التوبة الاية 36)، أي المستقيم الذي لا زيغ فيه ولا ميل عن الحق)( ابن منظور : 1995 / 25، ص500. الزبيدي،2000م، ج33، ص308) تەنانەت سیستەمی بەها ئاینیەکان بەچەند شێوازێك کراوە کە : بەهاکان وەك تاكە پێوانەیەکن بۆ زۆربەی شتەکان کە کۆی پێوەر و بیرۆکەکانە کە مرۆڤ هەڵسوکەوتی خۆی و کۆمەلگا و تاک لەگەڵ خۆی لەژێر فەرمانی پەروەردگار دیار دەکات. تەنانەت لە ژێدەرێکی تر هاتووە کە دەلێت (القيم بمعنى المحافظة والإصلاح) (ابن منظور، 12/1995 ص497. الزبيدي، 2000/ 33 ص317) کە بە چ رێگایەك دەتوانرێت ئەو بەهایانە لە چوارچێوەی دیدێکی تایبەت بە ئافراندن و چارەنوس دیاری بکرێـت ، وەلەلایەکی ترەوە وەك دیدێکی هاوئاهەنگی ژیان و ئاشتکردنەوەی خواستەکانی تاك و کۆمەڵگا و دونیایە ، کەبریتیە لە یەکسانی و پێکەوە ژیانە واتە بەهاکان وەك ناوە ناسراوەکەی بریتیە لە (القوام، وهو العدل، وما يعاش به )( ابن منظور . 12/1995، ص499. الفيروز آبادي، 2008م، ص1383. ) بە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەموو خەسڵەتە گشتیەکانی ئیسلام و یەکبوون و واقیع بینی و هاوتا کردن و گشتگیری کردن بەئامانجی هێنانەکایەوە راستی و دروستی بەها کەسی و ئاینی لە بەلگە ئاینیەکان. تەنانەت بۆ گەیاندنی ئەو بەهایانە بە شێوەیەکی ورد و ڕاستگۆیانە و پێشکەشەکردنی بە باشترین شێوە(ابن فارس د.ت ، ج2، ص214.). وەك ئەوەی کە هەموو بنەما ئاینیی و پەرتوکە ئاسمانیەکان قوتابخانەیەکی هزربەخشانە دەبەخشنە بەهاکان بۆ رای کردنی کاری رۆژانەی مرۆڤەکان . وەك ئەو هێزە رۆحیانەی کە پەیوەندی بە تیوری ژیانەوە هەیە، کە پارێزگاری لە ژیانی خەڵک بکات و هەنگاو بنێت بەرەو پێشەوە(طهطاوي ،1996 . ، ص40) واتە بە مانا هونەرییەکەی وشەی "بەها" واتە چەندایەتی و کوالێتی و چۆنایەتی کە گوزارشت لە پەیوەندیە چەندایەتییەکانی نێوان ڕەنگەکان و زەخرەفە و شێوەکان دەکات،لە دروستکردن بەهای هونەری وێنەکێشان، بۆ نموونە لە نەخشاندنی ڕێژەی نێوان نەخشاندنی سێبەر و ڕووناکی و ڕەنگەکان(محمد ، 1989/ 16 ص ص : 12-14 .). هەر بۆیە بەها هونەریەکان و سیستەمی بەهای ئیسلامیش لەگەڵ هەموو ئەو شتانە دەگونجێت کە بۆ دابین کردنی ئامراز و میتۆدی هێما و دارشتەی ئاینیەکان بەهەند وەرگیراوە بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەی زانستی(الندوی 2001، ص561.) هەر وەکو لە قورئانی پیرۆز داهاتووە کە جوانترین کار و رەوشت وەك بەهایەکی رەسەن مامەلەی لەگەل دەکرێت بە پشتراستکردنەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزە کە خوای گەورە دەفەرموێت ( ادع إلى سبيل ربك بالحكمة و الموعظة الحسنة و جادلهم بالتي هي أحسن) (سوره النحل ايه 125).

## 4- چەمکی هێما :

زاراوەی هێماکە زاراوەیەکی گەوهەرییە، هەروەک زانستە تیۆرییەکان لە ماوەیەکی دووردرێژدا سەلماندویانە، هەروەکو هزر بیرۆکەی ئەفلاتوون نکۆڵی لە ڕاستییەکان دەکات کە شتە هەستپێکراوەکان وێنە و هێماکانی دونیای ئایدۆلۆژییان بۆ دونیای واقیعی(فتوح 1984 ص 47 ) واتە لە سەرەتادا وردەکاریی بۆ شتەکان بکرێت ، بۆ ئەوەی ببێتە یارمەتیدەر بۆ بەرچاوترین هێماکە فۆرمێکی ناهاوئاهەنگیە بە ڕەمزی پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکان کە لە بنەڕەتدا مەعریفەیە لە نێو هەموو چەمکێکدا کە دەبێتە ڕووداو و بەکاردێت بۆ شرۆڤە(البسيوني،د.ت ص 54) کە لە ڕێگەی زانینی هێماکانەوە ڕۆڵێکی گرنگ لە مەعریفەی مرۆڤدا بۆ تێگەیشتنی ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرۆسانەی کە لەناو مێشکی مرۆڤدا ڕوو دەدەن. کە زۆرجار ناوەڕۆک و مانای جیاوازیان هەیە(عطية 2002، ص19) لەپێکهێنانی هێماکەدا . کە زیاتر باس لە توخمێکی ئارەزووومەندانە و کەلوپەلی خوازراو دەکات کەهونەرمەند ئەم سیمبۆلەی بۆدیاریکردووە تا ببێتە جەستەی سیستەمی هێمایی تایبەت بە خۆی و داهێنانەکانی(عطية 1997 م. ص34) کە هەمیشە بەپەرۆشە بۆ ئەوەی جوانترین هێما و سیمبۆل پێشکەش بە هەڵگری جوانکاری و بابەتیانە دەدەن بۆ بەخشینی بەهادارترین بۆشایی کاری هونەری کە سازی کراوە(کریزویل 1985،ص 72-73) کە پەیوەندی بە مرۆڤ و توانایی خوای گەورە لە نیوان کارە هونەرییەکان جێی خۆی بکاتەوە کە لە گەردوونەوە ئاشکرا بووە(غنيمي : د.ت، ص 23) کە بیرۆکە و تێڕوانینەکانی هونەرمەند تێیدا بەرجەستە دەبێت، باس لە دیاردەکان دەکات کە وەك هێما رەمزێك بە بابەتێکی هونەری نمایش کراوە(ابن منظور ، 7/1995، ص 42-44) کە دەقی نوسراوەکان و هێما دارەکان وەك تاکە دەقی هونەری نمایش دەکرێت بۆ ئەوەی بێتە بابەتێکی هونەری و پەیامبەر . کە باس لە رووداوێك یان کێشەیەك یان بابەتێك بکات لە زۆربەی کایەکان وەك هونەرێکی شانۆی دەربکەوێت .( الفيروز 2008 ، ص 1615) یان هونەری نەمریی نەخشێندراون(عبد الحفيظ : 2015 ص 59) کە زۆربەی پارچە شوێنەوارییەکان ئەم جۆرە هێما و شکۆدراییە هونەرییەیان تێدا نەخشێنراوە کە وەک فاکتەرێکی گرنگ بەشدارییان لەدروستکردن و بنیاتنانی شارستانیەتدا هەبووە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر . هەروەها هەرچۆنێک بێت ئەو بیروباوەڕە ئاینییانەی کەلەسەردەمە جیاوازەکان دەرخەری ئەم راستیەن کە پەیوەستن بەم موڵکە کولتوورییەکان(بشير ، سبيط . 2013، ص 84)

## 5-هەلوێستی ئاین و ئاینزاکان لە بەهاو وێنە و زەخرفە نەخشێنراوەکان:

عەرەب وێنەکێشانی لە پێش ئیسلام زانیوە ، هونەرمەندانی سەردەمی جاهیلی گرنگیان بە هونەری وێنەکێشان داوە. بەڵگە بۆ ئەم جۆرە هونەرە ئەوەیە کە گواستنەوەی هێزی هونەرەکەو کاریگەری هونەرەکانی پێش خۆی بۆ نمایشکردنی کاری هونەری جەستەیی و عەقڵانی وێناکردنیان لەسەر دیوارەکان لە سەردەمی جەهالەتەوە کە عەرەبەکان پێی ناسراون (تيمور :2006 م، ص 3)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی جێگەی سەرنجە کە خەڵکی قورەیش کەعبەیان بونیاتنایەوە دواتر لە رێگەی باقومی دارتاشی قبطی هەموو دەروازە و ستون و بنمیچی کەعبەیان رازاندەوە بە وێنەی پێغەمبەران و دارو درەخت و وێنەی فریشتەکانیشیان لە پال ئەو وێنانە کێشاوە . نمونەی ئەو وێنە و نەخش و نیگارانە وێنەی پێغەمبەر ابراهیم بوو کە لەسەر شێوەی شێخێکی ناودار کێشراوە لە پال وێنەی پێغەمبەر ابراهیم وێنەی عیسی و دایکی مەریەمی پاکزادە لەسەر دیواری کەعبە نەخشێندرابوو کە زۆربەی سەردەمە جیاوازەکان ئەم وێنانە بە قەدی دیوارەکان مایەوە کە بەشێکیان بە زێر داپۆشرابوون بەلام دواتر سوتێنران(الباشا: 1992، ص13)

وێناکردن و نەخشاندنی سەردیوارەکان لە سەردەمی عەرەبە جاهیلەکان کە زیاتر ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی رۆمانییەکان و فارسەکان زۆر بەر بلاو بوو(یاسین، 2002، ص 845) وەک شارەکانی ئەلحەڕان و خاکی ئەلغەساسنە و نەبەتیەکان پاشان لە خودی مەککە کە بەشێوەی تەوژمێکی جیاوازی بلاوبونەوەی بەخۆیەوە بینیوە کە لەرێگەی کۆچ و ئالوگۆری بازرگانیەوە کەلکیان لە هونەری وێنەکێشان وەرگرتوە ئەوەی ئەوان بینییان لە گەشت و گەشتە بازرگانیەکانیان لە کارە هونەرییەکانیان گرنگی زیاتریان پێداوە(تیمور ، 2006، ص 201) هەروەها بۆ هەمان ئامانج و جوانی و ڕازاندنەوە نەخشێنراوە کە بەشێکیان پەیوەندییان بەکاری هونەری و جادووییەوە هەیە کە لەلایەن مرۆڤەکانی بەنی قورەیش و خەلکی مەککە زۆر باوبووە ، بۆیە بتەکانیان بۆ مەرامی ئاینی و سحر وجادوو بەکاردەهێنا(عبدالله:2008، ص 23) . کە خەلکی ئەم ناوچەیە ئاستی رۆشنبیری و هزری ئاینیان پەیوەست بووە بە خوداکەیان کە لەبت سازکراوە. بۆئەوان یەکەم دەسەلاتی ئاینی زاڵ بوو بەسەر ژیانی رۆحی و سۆزداریی کۆمەڵگەکەدا . کە لە زۆربەی کایە هونەری و جوانکارییەکانی ئەو سەردەمەی بەکاریان هێناوە . بۆیە هێربێرت ڕید دەڵێت سەرچاوەی سەرەکی وزەی جوانکاری لە ڕێگاکانی ئاینە جۆرلو جۆرەکانی جیهاندا دەردەکەوێت(رید. د. ت ص 70) لە ڕۆژهەڵاتی کۆندا، ئەوەش وایکردووە کە بەرهەمی هونەری ناوازە لەو سەردەمە بەدیبێت بەتایبەت لە بواری هونەری پەیکەرسازی بۆ خوادەوەندەکانیان(عبدالله: 2008 ، ص 23). وەلە بۆنەو یادەکان وەك یادکردنەوەیەک هونەرمەندان بۆ پاشاکانیان زۆرترین خزمەت و گوزارشتی هونەری پێشکەش بکەن بۆ مەبەستی پەرستن بێت یان بۆ سازکردنی پەیکەری خواوەندەکانیان(اوزر 2005، ص 49) زۆربەی ئاین و ئاینزاکان هەمان مەبەست و تراژیدیای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاینیان هەیە بۆ ناساندنی هونەرەکەیان . وەك ئەوەی لە ئاییني زەردەشتیدا پارەو خاك و ئاو ژیان و نەمری نوێنەرایەتی پارە و ئاین بەردەوامی دەسەلاتی زەردەشت دەردەخات. بۆ هەموو ئەو شتانەی کە ئیلاهیە نوێنەرایەتی دەکرێت وەک تیشکی سروشتی و خۆر و هەسارەکان و ئەو ئاگرەی کە ڕەهای ئیلاهی ڕووناک دەکاتەوە و دادەگیرسێنێت لە بۆنەو کارو چالاکییە هونەرییەکان . کە ئەوەش ڕەنگدانەوە وێنەیەکی هەست و نەستی ئاینی زەردەشتیەکیانە کە ئەو جوانیەیە کە بۆ خوداسازیان کردووە پێی دەڵێن ئاهۆرامزدا. کە نوێنەری ئەو دادپەروەرییەکە پێشەوایی خێرو بەرەکەت و سەرچاوەی ژیان و پێشکەوتن دەکات(هیگل : 1986، 40) .

## 6-رۆلی ئاینی ئیسلام لە نەخشاندنی زەخرفە و وێنەکان :

هونەری زەخرفە : بریتیە لە نەخشاندن و جوانکردن و شێوازی نیشاندنی باشترین دەست رەنگینی هونەرمەند.. واتا هزری هونەری لای هونەرمەند بیرۆکەی جۆرە هونەرێکە کە گەلالە دەبێت لای ژینگەی ئەو نەتەوەیەی کە هونەر بە مۆرکی داب و نەریت بناسێنێت. هەر وەك خوای گەورە دەفەرموێت زەوی بە رووەك و ئاو و رووبار نەخشێنراوە(المسعدي 1991 ، ص422 ) کە چەندین و ڕەنگ و هێڵی جۆراو جۆری بونەوەرەکانی لە خۆی دەگرێت. کە بە شێوەییەك گونجاوە لەگەل ئەو ژینگەی کە هونەرمەند تێیدا ژیاوە(مؤنس، 1978 ،ص131) . بەلام زۆربەی کات رۆلی ئاین و دەقە ئاینیەکان پالپشتێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی چ جۆرە زەخرەفەو پێشکەش بکرێت بە تاکی کۆمەلگاکە . هەربەم شێوەیە باس لە چەندیەتی و جۆری زەخرفەکان لە دەقی قۆرئانی پیرۆز بە چەند شێوەیەك خراونەتە روو هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت (أَفَلَمْ يَنظُرُوٓاْ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَٰهَا وَزَيَّنَّٰهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ)(سورة ق . الاية 6) بەپێی ئەو دەقە ئاینیە بێت کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە مانای ئەوەیە کە هونەری ڕازاندنەوەی کە لەلایەن خوای گەورە سەرچاوەی گرتووە کە دەفەرموێت . کاتێك سەیری زەوی و ئاسمان و هەسارەکان و ئەستێرەکان بێ رادەی لە نەخشاندنی رەهای تێدایە کە هەموو ئەو شتانەی کە بیناکراوە یان دروستکراوەکانی خوای گەورەن زۆر ناوازەن. وەهەروەها لە تفسير البغوى ئەم دەقە ئاینییە وا شرۆڤە کراوە ( لا يحتاج ذلك النظر إلى كلفة وشد رحل، بل هو في غاية السهولة، فينظرون } كَيْفَ بَنَيْنَاهَا { قبة مستوية الأرجاء، ثابتة البناء، مزينة بالنجوم الخنس، والجوار الكنس، التي ضربت من الأفق إلى الأفق في غاية الحسن

والملاحة، لا ترى فيها عيبًا، ولا فروجًا، ولا خلالًا، ولا إخلالاً) (البغوى : 1997/ 3، ص 187 1997 م ‘ ص 94.) کەهەریەکێك لەمانە جۆرێك لە زمانی هونەری و جوانکاری دەبەخشێتە شارستانیەتی ئیسلام "ئەگەر چی گەردوون جوانترین ڕازاندنەوەی لە خۆی گرتووە کە لە شێواز و جۆرەکانی وەك ئەستێرەکان و چینەکان و ڕەنگەکانییەوە . هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دا دەفەرموێت (إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ (6) وَحِفْظًا مِّن كُلِّ شَيْطَانٍ مَّارِدٍ(7) )سوره الصافات : الايه 6-7) کە کاری نەخشاندن وێناکردنی بۆ بکات لە زۆربەی کاتەکان خۆی بەدوور گرتووە لە کاریگەرییەکانی حەرام کردن لەسەر کارە هونەرییەکەی چونکە مەبەستی خۆی لە دووتوێ چەند بازنەیەکی هونەری دۆزیوەتەوە(حلمي 1962، ص49) کە مەترسی لە شەریعەتی ئیسلامیدا دروست نەکات ، چونکە داهێنانی هونەریی لە وێنەکێشان و نەخشاندن بۆچوونە هونەرییەکان هیچ کات پشتیوانی ئاینی ئیسلامی لەگەل نەبووە(بهنسي 1978 ، ص 99) ، جگە لە هونەرە ڕێگە پێدروەکان. کە پەیوەندی نێوان یەکە ڕازێنراوە دووبارەکان و یەکخستنی پارچە زەخرەفە ئەندازەییەکان و گونجاندنیان لەگەل زەخرفەکانی تر وەك رووەکی و ئەندازەی کە لە هونەری موسلمانان بەروونی دەبینرێت(خلف 2009م ،ص184- 185) چونکە مرۆڤ بەشدارە لە ژیانی ئاسایی و ئاینی کە کرۆکی سەرەکی پەرستن و ژیانی دونیاییە کە زیاتر خۆ لە بابەتی روحی بەرامبەر بە ئاین و خوای گەورە دەبینێتەوە(بهنسي 1978، ص 99) ، بەم شێوەش خوی بۆ تۆمارکردنی جوانییەکەی ئامادە کردووە کە هونەری شێوەکارییە ، لێرەدا جوانی بەبێ لاشە و مەبەستی هونەرساز جوانی نابەخشێت(بەرتلمی، 2011 . ص 52)


## 7- بەها و هێما زەخرفیە ئاینیەکانی مزگەوتی قەلای هەولێر. (1132-1137 ك - 1720-1725ی زایینی).

دروست کردن و بونیاتنانی بینا ئاینییەکان بەگشتی بەیەکێك لە بەها ئاینیەکانی ئیسلام هەژماردەکرێت لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی ، مزگەوتەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە ئیسلامدا ، کەماڵی خوای گەورەیە بە شکۆمەندترین شوێنی سەر زەوی ناسراوە،کە ناوی خودای گەورە هەموو کات بە ڕۆژ و شەو و بەیانیان و ئێوارەتێدا هاتووە کە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت( فِي بُيُوتٍ أَذِنَ اللَّهُ أَنْ تُرْفَعَ وَيُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ يُسَبِّحُ لَهُ فِيهَا بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ . رِجَالٌ لَا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالْأَبْصَارُ) (سورة النور:36، 37) . بۆیە مزگەوتی هەولێریش جگە لەوەی کە وەك قوتابخانەیەکی ئاینی شوێنی نوێژ خویندن بووە بە درێژایی مێژووی شوێنی حەوانەوەو فێربوونی زانستەکان بووە لە شاری هەولێر . دروستکردنی ئەم مزگەوتە لەلایەن نەتەوەی کورد کە بە تەلارێکی ئاینی ناوەخۆی ناسراوە . لە ئایەتێکی تر خوای گەورە دەفەرمویێت (وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ مَنَعَ مَسَاجِدَ اللَّهِ أَنْ يُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ ﴿سوره البقرة114﴾ . ئەم مزگەوتە بە چەندین شێواز نوێکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی بۆکراوە . هەروەها بە یەکێک لە مەزنترین و جوانترین بینا ئاینییەکانی نێو قەلا ناسراوە، لەسەر بنەمای بەها ئاینیەکان کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ کراوە بە پشت بەستن بەم ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرمویێت (إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ﴿ سورة التوبة 18 ﴾ تا پێش هاتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی شوێنێك نەبوو بۆ بونیاتنانی مزگەوتەکە بەلام کە شێخ شەمسەددین ئەلموئەید زانایی ئاینی لە شارەکە بریاری دروستکردنی مزگەوتێك دەدا لە نێو قەلای هەولێر لە سالی 936-1004ك- 1494-1562ز(خضر: 2014. ص 51) بەلام لەگەل هلتنی عوسمانیەکان ئەم مزگەوتە جارێکی تر دروستکرایەوە بەهۆی ئەوەی کە مزگەوتەکە لەسەرتادا بچوك بوو دواتر گەورەتر کرایەوە لەسالی 1073 -1271ك- 1657 -1855ز(حسین : اربیل فی العهد الاتابکی ، ص 93.) ئەم مزگەوتە چەندین جار جوانکاری و هونەری تەلارسازی بۆکراوە لەسالانی 1958- 1959 ز(اسماعیل . 1997/ 1. ص 103) سەرەرای ئەوەش لەدواجار لەسالی 1998 مزگەوتەکە کۆتا نۆژەنکردنەوەی بەخۆیەوە بینیوە . کە بووە هۆی ئەوەی تایبەتمەندی ئاینی و تەلارسازی خۆی لە دەست نەدا . وەک ئەوەی بینراوە کە لەسەر پەنجەرەکان و ڕاڕەوی دەروازەکە تێبینی دەکرێت . کە بیناکارێك ناوی لەسەر دەرگای سەرەکی نوسراوە کە بە سەرکار و وەستای ئەم مزگەوتە ناسراوە کە ناوی وەستا احمد بووە . (عمل احمد – 1260هـ ) لە نێو چوارگۆشەیەکی خشت نوسراوە و نەخشێنراوە بە خشتی خەزەفی (بروانە وێنەی3).


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی ژمارە (3) کاری بیناکری مزگەوتەکە بە سالی 1260ك.

عوسـمانی کوری عەفان رەزای خوای لەسـەر بێت لە پێغەمەبەرەوە (د.خ)  دەگێرێتەوە کە گوێ لە پێغەمبەر بووە دەلێت هەرکەسـێك مزگەوتێك بونیات بنێت خوای گەورە بەپێ بونیاتنەرەکیە بۆی بونیاتدەنێتەوە .

عن عثمان بن عفان – رضـي الله عنه – قال : سـمعت النبي-صـلى الله علي وسـلم-يقول: (من بنى مسـجداً يبتغي به وجه الله – تعالى - بنى الله له مثله في الجنة(البخاري (648/1) برقم 450.) تا ئەو رادەیە کە مزگەوتەکە ئەوەندە گرنگی پێدراوە بۆ ئەوەی زۆرترین خەلکی ناوچەکە لە روانگە ئاین و زانستە فقهیەکان کەلکی لێوەربگرن مەلا ئەبوبەکری دووەم بووە بە مامۆستا و مزگەوتەکە . دواتر مزگەوتەکەی وەك حوجرە و قوتابخانەیەکی بەکار هێناوە لەسەردەمی عوسمانیەکان بەپێ ئەو دەستونسە کە  فەرمانی بۆدەرکراوە لەسالی (1138ك- 1725ز) . کە  دەستنوسێکی رەسەنی سەردەمی عوسمانیەکانە . بروانە(دەستنوسی ژمارە 1).



(دەستنوسی ژمارە 1) فەرمانی دەستبەکاربوونی مەلا ئەبو بەکر دووەم . ئەرشیفی کنعان موفتی .

## 8- بەهاو هێمای منارەی مزگەوتی قەڵای هەولێر:-

منارەکان بە گرنگترین توخمە تەلارسازیەکان دەژمێردرێن کە روکارێکی بیناسازی تۆکمە دەبەخشنە مزگەوت لەسەردەمی ئیسلامیدا . یەکەم مزگەوت لەسەردەمی پێغەمبەری پیرۆزدا دروست کراوە . مزگەوتی قباء بووە کە منارەی نەبووە لەوماوەیەدا کە پێغەمبەر ئاماژەی بەدروستنکردنەکەی داوە ، هیچ منارەی تێدا نەبوو(دوای تێپەربوونی لایەنی بیناسازی مێژووی مزگەوتەکان . زۆربەی مزگەوتەکا منارەیان بۆدروست کراوە لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی . منارەی مزگەوتەکە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوایی مزگەوتەکە  بە شێوەو شاکار بەرگێکی بازنەیی جوانی وەرگرتووە  لەسەر بنەمای بناغەی بەردی بازنەیی کە لە دەرەوە ڕازێندراوەتەوە بە شێوەی زەخرەفەی خشتی بوکی خەزەفی . ئەو منارەیە یەکێکە لە توخمە تەلارسازییە دیارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی لەسەردەمی عوسمانیدا دروست کراوە(خضر، 2014، مجلد1 ، ص 52).  نەک هەر تەنها لەبەر ئەو هێماو جوانکارییەی کە لە بونیاتنانی کراوە ، بەڵکو لەبەرهۆی شێوزای درستکردنەکەی کە لە بەشی ناوەوەی دووجۆر قادرمە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(پلیکانەی) تێدایە لەبەشـــی دەرەوەشـــی بە جوانترین شـــێوزای زەخرفەی خشـــتی خەزەفی نەخشـــێنراوە. کە بەشـــێکی بەرزی پێکهاتەی منارەکەی ناردووە ، هەروەها بەشـــکی ســـەررەوەی منارەکە بە هێما و زەخرەفەی شانەی هەنگی نەخشێنراوە کە پێی دەلێن (المقرنصات)لەبەر ئەوەی دوو توخمی شـــێوە جیاوازی لە زەخرەفە یەکە بیناســـازییەکان پێکهاتووە . وەهەروەها لە ســـەرەوەی منارەکە شـــێوەی قوچەکە کۆتایی پێدێت و شـــوێنی گوشـــەکان لە ســـەرووی بنچینە لولەییە کە لە شێوەی قۆپاوی گۆڕاون بۆ ڕێگەدان بۆ سەرکەوتن خەلك بۆ سەر تەلاری منارەکە کە زۆربەی منارەکانی مزگەوت لە شـارسـتانیەتی ئیسـلام بەم شـێوەیە دیزاینی بیناسـازی بۆ کراوە . بروانە وێنەی ژمـارە (4) . منـارەکـانی مزگەوت لە ئیســـلامـدا بە بەهـاو هێمـاو شـــێوزای دروســـتکردنەکەیان دەناســـرێن کە هەر شـــوێن و دەســـەلاتی فەرمانرەوەای خەلافەتی ئیســـلامی بریاردەری ئەو جۆرە دیزاینەبوو کە لەگەل ژینگە و فەرمانرەوای ئەو دەوســـەلاتە گونجاوە دیزاین بۆ شێوازی مزگەوت و منارەکانیان دراوە وەك منارەی قایتبای لە شاری قاهیرە(حسن، زكي محمد، تطور المآذن،د. ت د.م ، من ص 718 - 719.) . هەروەکو دیزان و بەهای ئاینی ئەم منارانەی کە مزگەوتی احمد بن طولون لە ولاتی میسـر دروسـت کراوە کە شـێوازێکی هەرەمی لولدراوی هەیە (المخروطية) پێکهاتوە(مزيد، ب. ت، ص167). وەهەروەها منارەی مزگەوتی قەلای هەولێر لە سێ فرێزەی ڕازێنراوی ئەنـدازەیی پێکهـاتووە بە شـــێوەی هێڵی شـــێوە خـاچی هەلگەروا (صـــلیـب المعكوف(القزويني ، 1998،م/ 6،ص 8 ) دەردەکەون کە ئەوەش هێما و بەهای ئاینی ئەو ناوچەیە دەردەخات کە لەگەل ژینگەو فەرمانرەوایی و کاری هونەرســـازی ئەم شـــارە گونجاوە ، چونکە لە پێشتردا ئەم مزگەوتە شوێنی کلێسایەکی مەسیحیەکان بووە(خضر ، 1/2014 ، ص 51، )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی ژمارە (4) هێما بە ها ئاینیەکانی منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵا

هەرچی شـێوەی دەرەوەی منارەکەیە لە یەکەم چینی زەخرەفەیی و پەروازی لاشـەی منارەکە چەندین رەنگ و بۆیە و زەخرەفەی جۆراو جۆر دەردەکەوێت کە لوولەی منارەکەی رازەوەتر کردووە . کە ئەوەش بەها و سیمای جوانکاری ئاینی مزگەوتەکە ناسراوە . کە ئەو بەهاو وانکارییە بریتیە لە دیکۆرکردنی ئەندازەیی وەک هێمای خاچەکان و هێلە نەپچراوەکان و نمونەی سێگۆشەکان کە لەسەر لوولەی منارەکە نەخشێنراوە. کە ئەم جۆرە نەخشێنراوانە دەچێتە قالبی زەخرفەی ئەندازەیی . هەرچەندە لە بەهاو و هێما زەخرەفەی ئەندازەیی تایبەت بە منارەکە بریتیە لە دووبارە بوونەوەی زەخرەفە ئەندازەییەکانی وەك (المربعات و المداميك و الاشكال الهندسية متعددة الاشكال) لە پێکهاتەی دیکۆرکردنە ئەندازیارییەکانی لەسەر لاشەی منارەکە لە چینێك بۆ چینێکی تر گۆڕانکارین بەسەرداهاتووە . ئەو شێوازە زەخرفەییە بۆتە هۆی ئەوەی چەند چین و ئیفریزێك و پەروازیك لەسەر لاشەی منارەکە دروست بکەن تا دەگاتە بەشی دووەمی منارەکە گڵۆپخانەی (الجوسق المآذنة ) شێوەوە ڕووبەری تاجی منارەکەی پێکهێناوە.

هێما ئاینی منارەکە بریتیە لە شێوزای دەرکەوتنی وەك دوو پارچەیی هەڵبەستراوە و لاشەی سەرەکی لوولەییە و بەشی دووەمی بەشی سەرەوە و کۆتایی منارەکەیە کە بە چوارچێوەیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بـارز و ڕازێنراو بە دیکۆراتەکـانی تەلارسـازی ئـاجـار(محجرة) جیـاکراوەتەوە. کە نێوان دووجیاکاروەکە دوو پەنجەرەی لاکێشـەیی لە لاکانی باشـوور و باکوور پێک هاتەی منارەکە پێك دەهێنن، لەخوارەوەی هەر چوار لاکە ڕیزێک لە موقرنەو پەرژینێکی ئاسنین دەورەدراون

## 9- هێما نەخشێنراوەکانی منبەر : -

منبەر ئەو شوێنەیە کە بۆ دانیشتنی ئیمام و وتاربێژە لە مزگەوت لە ئاداب و اصولی ئاینی ئیسلام . یەکەم منبەر کەلە ئـاینی ئیسـلام دروسـتکراوە . بریتیە لەو منبەرەی کە هـاوەلانی پێغەمبەر پێشنیاری منبەرێکیان بۆ پێغەمبەر کرد . بۆ ئەوەی لەکاتی وتار و وتاربێژی رۆژانی هەینی لە نێوان هەردوو وتارەکەی رۆژی هەینی لە دانیشتنە ئاینیەکان پێغەمبەری خوا لەسەری دابنیشێت(الولی: 1988، ص 191-192 ) . بۆیە مزگەوتی قەڵای هەولێر پەیرەوی ئاینی ئیسلام کردووە منبەری بۆ مزگەوتەکە دروسـت کردووە وەك هێمایەکی ئاینی ئیسـلام کە وتاربێژ لە و شـوێنە وتاری خۆی پێشکەش بکات . زۆربەی منبەرەکان لەسەرەتای ئیسلام لە دار و تەختەو بەشێکیان لە سەکۆیەکی داری دروسـت کراون . کە ئەو پارچە دارو تەختانە لێکدراون بۆتە شـوێنێکی بەرز بۆ دانیشـتنی وتـاربێژ کە ئەویش منبەری مزگەوتی پێغەمبەرە لە شـاری مەدینە کە دووپلیکـانەی دار و سەکۆیەکی دانیشتن پێکهاتووە کە لاوێکی حەبەشی دروستی کردووە کە هەموو کاتێك هاوەلی پیغەمبەر کردووە کە ئەویش بیلالی حەبەشـی بووە(ماهر 1987، ص 76) تەنانەت لە صـحیح و بخاری هاتووە کە چۆن پێغەمبەر خوا لە رۆژی هەینی لەکاتی وتاردان کەسـێك هەلوەسـتەیەك بە پێغەمبەرخوا دەکات پێدەلێت ئایا پێویستت بە منبەرێك نیە ئەی پێغەمبەر خوا ئەویش لەوەلامدا دەلێت منبەرێك بۆ پێغەمبەر دروست بکەن بە پشت بەستن بەم فەرموودەیە ( عن ابن عمر رضی الله عنە قال: کان النبی صلی الله علیه وسلم یقوم یوم الجمعة الی شجرة او نخلة فقالت امرأة من الانصار او رجل : یارسول الله الا تجعل لك منبرا؟ قال ان شئتم فاجعلوا له منبرا) (الولی: 2008، ص 193) ئەوەی جێگای باسـکردنە زۆربەی منبەرەکان لەسـەر یەك شـێوزا و بنەماو دیزاینی ئەندازەیی دروسـت کراون کە بە چەند پلیکانیەك (قادرمە) دروسـت کراوە بەلام لەشـێوازی کەرەسـتەکەی جیاوازی هەیە ، بەلام لە رووی بەها ئاینیەوە بۆ یەك مەبەسـت و حوکمی ئاینی دروسـت کراون . بەلام منبەری مزگەوتی قەلای هەولێر . چەند خاسـیەتێکی جیاوزای هەیە کە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشـــو نوســـراوەكانی كە وەك هێما و رەمزێك لەســـەر مینبەرەكان نەخشـــێنراون . بەلام ئەوەی نەخشـــێنراوە لەســـەر تابلێتە بەردینەكانی مینبەری مزگەوتی قەلا بریتین لە ناوی خەلیفەكان راشـیدی و چەندین زەخرەفەی رووەكی . ئەوەی زیاتر سـەرنجی نوێژخوێنان رادەكێشـێت بریتیە لە رووەكی شـــێوە بانەزنەی دەبارە بووە كە لە زمانی عەرەبی بە (زخرفه المداميك( HAMEED, 1962,P133) ناســراوە. بەلام ســەبارەت بە بەهاو هێمای ناوەكانی خەلیفەكان كە نەخشــێراون لەســـەر مینبەرەكە چەندین راو بۆچونی ئاینی جیاواز هەیە . كە بۆ هەریەكێك لە چوار خەلیفەكە چەند تایبەتمەندییەك لە پال ناوەكانیان هەبووە . بۆیە لە ئاینی ئیســـلام شـــرۆڤەی شـــەریعەتی ئیسلامی ناوی (ابا بكر– ابوبكر ر.ض) لە رووی ئاینیەوە چەند رەوشتێكی مرۆی و ئاینی خراوەتە پال ناوەكەی . بە جۆرێك شـــیكردنەوەیان بۆ ناوەی ئەبو بەكر كردووە . كە یەكێك لە هێماو نازناوەكانی بریتیە لە راســـتگۆیی(ابو بكر صـــديق(الصـــنعانی 1972 مجلد 5 . ص 321 )). كە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە زۆربەی دەستنوس و پاشماوە شوێنەواری و كەلەپوریەكان وەك هێما و رەمزی شارستانیەتی ئیسلامی بناسرێت . هەرچەندە ئەبوبكر صديق وەك كەسایەتییەكی موژدە پێدراو لای خوای گەوەر ناوی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە . خوای گەورە دەفەرموێت (وَالسَّـابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَـارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَـانٍ رَّضِـيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُـوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ۚ ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ)(سورة التوبة الاية 100) . سەرەرای ئەوەی ناوی عومەری كوری خەتاب لە پاڵ ناوی ئەبو بەكر هاتووە لەســـەر مینبەری مزگەوتەكە ئەوەی ســـەرنجە ئەم جۆرە نەخشـــێنراوانە وەك هێمایەكی پیرۆزی ناوی كەســـایەتییە ئاینیەكان ورێبەرانی ئەو ئاینە وەك هاوەلای پێغەمبەر ناســـراون . عومەری كوری خەتاب چەندین پێگەو شوێنگە و كەسایەتی بەرزی لە مێژوو و شاریتانیەتی ئیسلامی و اصول و ئادابەكانی بەرێوەبردن و بانگەشەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەبووە . ناوی خەلیەفكانی راشیدی رازاندراوەتەوە كە ئەمەش لە روانگەی ئاینیەوە بەهایەكی شەریعەتی هەی بە پێ پلە و پایەی خەلیفەكان لەر ووی دلسۆزی و خزمەتكردنیان بۆ ئاینی ئیسـلام(مسـلم، د.ت ج4 ،ص1964 ،ح2535) . هەرچەندە ئەو جۆرە ناو نازناوانەی كە بۆ خەلیفەكانی راشـدی دارنراون لە سـەر دەروازەی مینبەرەكە كە وەك دەرگایەكی نەخشێنراو لە بەردی مەرمەڕ دروست كراوە لەسەر شێوەی عەقدێكی شوێە لاكێشەیە . لە بەشی ســـەرەوەی عەقدەكە نوســـینێك بەشـــێوەیەكی هەلكۆلدراو ناوی خوای گەورەو محمد د.خ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشـێنراوە کە بریتیە لە ( لا إله إلا الله محمد رسـول الله- صـلى الله عليه وسـلم) دواتر ناوی خەلیفەکان لە گۆشــەکانی ئەو عەقدە هاتووە کە بەم شـێوەیە نوسـراوە ( آبا بكر - عمر ... عثمان - علي )( رضي الله عنهم)(خضر. 2014، مجلد 1 ، ص51) ، لەگەل مێژووی دروستکردنی مینبەرەکە کە بریتیە لە (سنة 1132 هـ) وێنە ژمار 5.



وێنەی ژمارە (5 هێما و بەها ئاینیەکانی خەلیفەکانی راشیدی
(مینبەری مزگەوتی قەلای هەلێر).

## 10 لیستی سەرچاوەکان:

أ- القران الكريم

**ب- یاسا و فەرهەنگەکان .**

- اتفاقية لاهاي الخاصة باحترام قوانين وأعراف الحرب البرية ولائحتها في 8 / أكتوبر/ 1907.؛ نظر المادتين 27، 56
- یاسای ژمارە 5 سالی 2021، ژمارە 268، لە وەقایعی کوردستان. یاسای بەرێوەبردن و پاراستنی شوێنەوارو کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان

**ت- سەرچاوە کوردییەکان :**

- حاجي مةغديد 2009، لة ئوربيللؤم و ئةربةئيلؤوة بؤ هةولير، ض1، هةولير، ،

- حةسةن قادر محةممةد 2013، ، ميَذووي هةولير و رؤلى شارستانيةتى كؤنگرەی دووەمي زانستي،چاپخانەی زانكؤی سةلاحةددين، هةولير

**ث- سەرچاوە ڕەسەنەکان :**

- ابن فارس د. ت : أبو الحسين أحمد بن فارس زكريا (ت 395هـ)، مقاييس اللغة، تحقيق: عبد السلام محمد هارون، دار الفكر، ج5،
- ابن منظور : 1995جمال الدين محمد بن مكرم بن منظور، لسان العرب، بيروت، دار صادر، ج12،
- البغوي: 1417 هـ - 1997 م ، أبو محمد الحسين بن مسعود البغوي [ المتوفى 516 هـ ] محيي السنة ' معالم التنزيل' المحققون ' حققه وخرج أحاديثه محمد عبد الله النمر - عثمان جمعة ضميرية - سليمان مسلم الحرش' الطبعة 4 ' ج 3 'سعودية ،
- الزبيدي، 2000م السيد محمد مرتضى الحسيني، تاج العروس من جواهر القاموس، تحقيق: إبراهيم الترزي، ط1، التراث العربي، الكويت، 1421هـ-، ج33،
- الصنعانى 1972: ابى بكر بن عبد الرزاق بن عمام الصنعانى . المصنف، منشورات مجلس الاعلى بيروت لبنان مجلد 5
- طهطاوي ، سيد أحمد . (1996) . " القيم التربوية في القصص القرآني " ، مصر : دار الفكر العربي ط 1
- الفيروز آبادي، 2008م،مجد الدين محمد ابن يعقوب (ت 817هـ)، القاموس المحيط، تحقيق: أنس محمد الشامي وزكريا جابر أحمد، دار الحديث، القاهرة، 1429هـ-
- القزويني ، بلقيس محسن هادي، الصليب المعقوف ، عنصرا من عناصر الزخرفة الهندسية في الفن العربي الاسلامي ، مجلة الاكاديمي ، ع 20 ،مج 6 ،1998م
- المسعودي ؛ 1966 م علي بن الحسين علي ( ت 346 الهجري – 957 م )مروج الذهب ومعادن الجوهر , تحقيق شارل بلا , ط 1 , ج2 , مطبعة الكاثوليكية بيروت , لبنان
- مسلم،1964 ابن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري. صحيح مسلم. تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي. بيروت: دار إحياء التراث العربى د.ت ، باب فضل الصحابة ثم الذين يلونهم، ج4 ،
- الندوى 2001:. الشيخ أبي الحسن الندوي- محاضرات إسلامية في الفكر و الدعوة، جمع و تحقيق و تعليق سيد عبد الماجد الغوري ، ط 1 /1422ه/دار ابن كثير، دمشق بيروت

**ج- سەرچاوە عەرەبییەکان**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


- اسماعيل: 1986زبير بلال، تاريخ اربيل دراسة تاريخية عامة لاربيل وانحائها منذ اقدم العصور حتى الحرب العالمية الاولى، مطبعة الثقافة ، (بغداد)،
- اوزر 2005: ارنولد ، الفن والمجتمع عبر التاريخ ج1 ت فؤاد زكريا، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر الاسكندرية ط1
- الباشا: 1992حسن  التصوير الاسلامى فى العصور الوسطى دار النهضة العربية ،
- الباشا، حسن (1966) فن التصوير في مصر الاسلامية. مج1. ط1. القاهرة: دار النهضة العربية .
- الباشا، حسن 1959كتاب التصوير الاسلامي في العصور الوسطى. النهضة المصرية. ج7. ط1. القاهرة:.
- باقر، طه، واخرون1987، تاريخ العراق القديم، ج1، مطبعة جامعه صلاح الدين، بغداد،
- البخاري، الفتح-كتاب الصلاة-باب من بنى مسجدا (648/1) برقم 450
- البسيوني،محمود ، اسس التربية الفنية ، عالم الكتب ، القاهرة ،د.ت
- بشير، هشام، سبيطه، عالء الضاوي 2013 حماية البيئة والتراث الثقافي في القانون الدولي، القاهرة: المركز القومي لإلصدارات القانونية، الطبعة الاولى
- بهنسي د.عفيف.1978جمالية الفن العربي، سلسلة علم المعرفة، ط1 ، الكويت، .
- بوا : توما 1973, مع الأكراد , (ت : أواز زنكنه) , د . م,  بغداد , ,
- بەرتلمی، جان ، 2011 بحث في علم الجمال، ت:انور عبدالعزيز، دار نهضه، قاهره، مصر
- تيمور2006 :أحمد باشا التصوير عند العرب، مكتبة الأسرة،
- الحسني عبد الرزاق 1982، العراق قديما و حديثا، ط7، دار البقظة العربية، بغداد، ،
- الحسني عبد الرزاق ، العراق قديما و حديثا، ط7، دار البقظة العربية، بغداد، 1982
- حسين:محسن محمد 1976. اربل في العهد الاتابكي،مطبعة اسعد،(بغداد:
- حلمي أميرة مطر1962 ، فلسفة الجمال، المؤسسة المصرية العامة، القاهرة،
- خلف . بشير 2009 م ، الفنون لغة الوجدان، بط دار الهدى، عين مليلة، الجزائر
- ريج:  كلوديوس جيمس 1951, رحلة ريج في العراق عام (1820 م)،(ت.  بهاءالدين نوري) , ج1 ، بغداد.
- ريد . هربرت . د. ت ، الفن والمجتمع ت فتح الباب عبد الحليم ، مطبعة سباب محمد مصر
- سالم : السيد محمود عبدالعزيز 1959 م: المآذن المصرية، نظرة عامة عن أصلها وتطورها منذ الفتح العربي حتى الفتح العثماني، مؤسسة شباب الجامعة، الأسكندرية .

- شافعي :فريد شافعي 1994العمارة العربية في مصر الإسلامية مج 1 عصر الولاة الهيئة المصرية العامة للكتاب.
- عبدالواحد كلثومة جميل 2007، كردستان قي عصر الساسانيين، اربيل،
- عطية محسن محمد 2002. نقد تلفنون منشأه المعارف بالاسكندرية
- عطية محسن محمد 1997، الفن والحياة الاجتماعية ، ط ٢ ، دار المعارف ، مصر ،
- غنيمى : هلال محمد ( د.ت) النقد الادبى الحديث ط5 مكتبة الانجلو مصرية .
- فتوح: احمد محمد 1984الرمز والرمزية فى الشعر المعاصر ط3 دار المعارف ، القاهرة
- كريزويل . اديث 1985، عصر البنوية ت حابر عصفور دار الشؤون الثقافةه العامةه بغداد ،
- ماهر سعاد 1987مساجد فى ابسيرة النبوية الهيئة العامة للكتاب القاهرة
- المسعدي .محمود1991 معجم عربي ألفبائي، المؤسسة الوطنية للكتاب،ط7 ، الجزائر ،
- مؤنس حسين 1978 ،المساجد،سلسلة علم المعرفة ط1 ،الكويت،
- هيگل 1986: الفن الرمزى الكلاسيكى الرومانسى ت جورج طرابشى دار الطليعة بيروت ط2
- الولى: الشيخ طه 1988. المساجد فى الاسلام . دار العلم للملايين ط1 بيروت ،
- ياسين، عبد الناصر2002: الفنون الزخرفية الإسلامية في مصر منذ الفتح الإسلامي حتى نهاية العصر الفاطمي، ج 1، (الإسكندرية،)،

ح- **نامە و تێزی دکتۆراە و گۆڤارە زانستيەكان**

- الاركوشي : يادكار محمد سليم 2010: البيوت التراثية في قلعة اربيل الاثرية في كوردستان، رسالة ماجستير غير منشورة جامعة مؤتة، الاردن ،
- اسماعيل . زبير بلال 1997. مقالة عن المسجد الجامع بقلعة اربيل – مجلة شاندر ع1 – مطبعة وزارة الثقافة اقليم كوردستان ، اربيل
- البرادوستي: زيدان رشيد خان أودل 2007 ؛ المأذن الاتابكية في العراق (دراسة معمارية فنية ميدانية) رسالة ماجستير غير منشورة جامعة مؤتة ، الاردن
- البرادوستي، زيدان رشيد خان اودل 2021، الفن والعمارة الدينية فى اقليم كوردستان العراق مطبعة جنكل ، طهران ،
- جميل: فؤاد ، 1969 حدياب أربيلا عشتار أربيلا ، مجلة سومر ، عدد 25 ، دار النشر بغداد ، ،
- حسين: حميد محمد2004،، البيوت التراثية في قلعة اربيل التاريخية، المؤتمر العلمي الاول لأعمار قلعة اربيل، مطبعة وزارة الثقافة

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


- خضر: ئاراس اسماعيل 2014. العناصر المعمارية والنقوش الزخرفية فى العمائر العثمانية الباقية فى اقليم كوردستان العراق . خلال 11061326هـ - 1700-1920م. اطروحة دكتوراه . جامعة القاهرة
- الزيباري منير رمضان ابراهيم 2010، زخارف البيوت التراثية في مدينتي الموصل واربيل، رسالة ماجستير في الاثار الاسلامية، كلية الاثار، جامعة الموصل،
- عبد الحفيظ : اشرف احمد2015 ، الحماية الجنائية للآثار)في ظل أحكام القانون 117 لسنة 1983وتعديلاته .(رسالة دكتوراه في القانون، قسم القانون الجنائي، كلية الحقوق، جامعة القاهرة، سنة
- عبد الله، رحاب بنت2008 ، الزخارف الإسلامية مصدر لتصميم وحدات أثاث معاصر، رسالة ماجستير جامعة أم .القرى، السعودية.
- محمد ، عبد الراضي إبراهيم . (1989) " موقع القيم من بعض فلسفات التربية " دراسات تربوية . المجلد ج/16

**خ- سەرچاوە بیانییەکان**

- Hameed, A, A; 1962The Stucco Ornaments of Samarra, Ph. D. Thesis, University of London,
- Lenoi- Gounhau 1991Dictionnaire de la préhistoire sous la direction d'A.. PuF 198
- Dictionnaire petit Larousse illustré,.
- Feilden, Bernard M. (1998), (Bernard Melchior) & Jokilehto, Jukka Ilmari & International Centre for the Study of the Preservation and the Restoration of Cultural Property Management guidelines for world cultural heritage sites: Conservation of historic buildings. London: Butterworth, Architecture Feilden, Bernard M, 1994
- Rice :Turkish , 1994 - Hillenbrand: Robert , Islamic Architecture Form , Function And meaning , The American University In Cairo Press,.


## القيم والعلامات الدالة فى المبانى الاثرية والتراثية فى محافظة اربيل
## نماذج مختارة (دراسة ميدانية اثرية فنية )


**الملخص**

وقد اســـتخدم نظام القيم الدينية ومنظومة القيم الدينية في بعض النواحي: القيم هي المقياس الوحيد لمعظم الأشـياء التي هي مجموع المقاييس والأفكار التي يمثلها الإنسـان سـلوكه ومجتمعه وفرديته، باعتبارها المبدأ الوحيد في علم الآثار، ذات أهمية كبيرة، وهي وســيلة للوصــول إلى مجموعة من المعلومات، ويرجع ذلك إلى وجود الكتابات والصـــور الفوتوغرافية. تلعب رســـوماتهم ورســـوماتهم بشـــكل عام دور الدين والدين

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ورغبتهم في تلك الكتابات والرموز والرموز التي تم تزيينها في الحضـــارة الإسـلامية بشـكل عام. فقط تلك الأنواع من الرسومات والرسومات التي يتم أخذها من مدينة أربيل خاصـة على الرغم من الأديان والأديان ، فقد قاموا بالعديد من التعديلات الدينية والفنية لأنفســـهم. الذين قاموا بعمل ســـري في بقايا فن الأنياب ، يتكون هذا البحث من كتابة وتصـــوير بقايا الآثار، مثل إظهار الجوانب المدنية والتاريخية لهذه المنطقة، والتي لم يتم حتى الآن تقديم أي مرجع علمي نظري، وهذا البحث هو أول بحث في هذا المجال يتعامل تقنيا ودينيا مع الجانب الميداني لبقايا المناجم.

## The Signs and Signs in The Archaeological and Heritage Buildings in The Province of Arbil

### (Selected Models) / An Artistic Analysis Research

**Assist. Prof. Dr. Aras Ismail Khider**
Department of Archeology, College of Literatures, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Aras.khider@su.edu.krd

**Bekhal Ali Ahmed**
Department of Archeology, College of Literatures, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Bekhal_ali_386@gmail.com

***Keyword:*** *The Signs, The Archaeological, Heritage, The Province Arbil.*

## Abstract

The system of religious values and the system of religious values have been used in some respects: values are the only measure of most things that are the sum of the standards and ideas represented by man's behaviour, society and individuality, as the only principle in archaeology, of great importance, a means of accessing a range of information, due to the existence of writings and photographs. Their drawings and drawings generally play the role of religion and religion and their desire for those writings, symbols and symbols that are decorated in Islamic civilization in general. Only those types of drawings and drawings taken from Erbil, especially despite religions and religions, have made many religious and artistic

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

modifications to themselves. Who have done secret work in the remains of the art of tusks, this research consists of writing and photographing the remains of antiquities, such as showing the civil and historical aspects of this area, which have not yet been provided any theoretical scientific reference, and this research is the first research in this field dealing technically and religiously with the field side of the remains of the mines.